# شەهید بڕیار دوای خۆی بناغەی زانکۆیەکی دانا

✍️ د. سەلام عەبدولکەریم

هێشتا دروشم و وشەکانی سەر لافیتەکەی دەستی شەهید بڕیار لە زیهنی مندا دەزرنگێتەوە (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان؟!) لەڕاستیدا هەرکەس ئەو وشانەی سەر ئەو لافیتەیەی نووسیبێت، زۆر ورد و بابەتی بووە، تێیدا زۆر جوان گورازشت لە ناخی گەنجان و قوتابیان و خوێندکارانی شار کراوە.

بێگومان ناسۆری نەبوونی کۆلێژ یان پەیمانگەیەك لە ناخی هەموو تاكێکی ئەم شارەدا بوو، لەلایەك نادادپەروەری لە کردنەوەی ئەو دامەزراوانە لە شارێك و فەرامۆشکردنی لە شارێکی دی، هەروەها درەنگ پێگەیشتنی کادیرانی ئەکادیمیی خاوەن بڕوانامەی



ماستەر و دکتۆرا لە لایەکی ترەوە، هۆکار بوون بۆ ئەو نادادپەروەرییە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شار بەردەوام ژانی لەدایکبوونی کۆلێژ و پەیمانگەیەکی لەخۆدا هەڵگرتبوو.

پێش خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی (٢٠١٤/١/٢) زۆر هەوڵ درا، هەوڵی کەسی، هەوڵی ڕێکخراوەکان، هەوڵی حیزب، ئیمزا کۆکردنەوە، بەدواداچوون و ... تاد، بەڵام هیچیان هێندەی خۆپیشاندانی گەنجانی بەشمەینەتی ئەم شارە و خوێنی بەناڕەوا ڕژاوی شەهید بڕیار، کاریگەری و قورسایی لەسەر حکومەت و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دانەنا بۆ کردنەوەی ئەو دامەزراوانە لە شارەکەدا، بە جۆرێك تا شەهید بڕیار شەهید نەکرا و لافیتەکەی دەستی لە میدیاکاندا نەخرایە ڕوو، نەزانرا کە ئەو شارە چەند نیشتمانەکەی خۆی خۆش دەوێت، دەیەوێت وەك هەر نیشتمانێکی تر لە ڕەوتی شارستانیەت دوانەکەوێت و لە هەموو شار و ناوچەیەکیدا کۆلێژ و پەیمانگە و دامەزراوە زانستییەکان هەبن.

کاتێك بڕیار شەهید کرا و لافیتەکەی دەستی بوو بە هێمای خۆپیشاندانەکان، هەر ئەوەش هۆکارێك بوو کە ناخی بەرپرسانی حکومەت بهەژێنێت، بەتایبەت لە سەردانی لیژنەی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی سەیدسادق و لەلایەن خودی کاك بەرهەم برای شەهید بڕیار، کە وێنەکەی شەهید بڕیار بە لافیتەکەوە درایە دەستیان، ڕەوایەتیی داواکارییەکەی بەرجەستە بوو، خۆشبەختانە حکومەت وەڵامی داواکارییەکەی شەهید بڕیار و خواستەکانی دایەوە.

شەهید بڕیار دوای خۆی بناغەی زانکۆیەکی دانا. پاش کردنەوەی فاکەڵتیی پەروەردە زانستە مرۆڤایەتییەکان لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە، ئێستا دوو ساڵە پرۆسەی خوێندن لە فاکەڵتییەکەمان بەردەوامە. قۆناغی یەکەم زیاتر لە (١٢٠) خوێندکار و

قۆناغی یەکەمی ئەمساڵی خوێندنیش زیاتر لە (١٢٠) خوێندکاری تر وەرگیراون، بڕیاریشە دوای ساڵی نویێ، دەست بە دەوام بکەن. بیرمە کاتێك بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سلێمانی کە ڕەزامەندیی لەسەر کردنەوەی کۆلێژێك دەربڕی، پێی وتم :"هەوڵ بدەن ئەم کۆلێژە بکەن بە بناغەی زانکۆیەکی سەربەخۆ لە داهاتوودا، وەك هەموو ئەو شارانەی تر، کە لە کردنەوەی کۆلێژێکەوە بوون بە زانکۆیەکی سەربەخۆ".

بۆیە ئێستا دوای شەهید بڕیار، لە شارەکەدا بناغەی زانکۆیەك بەدی دەکرێت، پێویستمان بە هاوکاریی هەموو لایەك هەیە بۆ سەرخستنی. سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتییانە دەکەین کە هاوکارمان بوون، بەتایبەت وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و قایمامییەت و سەرجەم دامەزراوە ئیدارییەکانی شارەکەمان.

بە هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین، ڕاستە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆلێژەکە و بەشە ناوخۆییەکان بە خۆبەشخانە لە ئەستۆی ئێمە بووە، وەك چەند مامۆستایەکی ئەم شارە و هەروەها ئەو ستافە زانستی و ئیدارییەش کە لە ڕاگرەوە تا سەرۆکایەتیی هەردوو بەشەکانی جوگرافیا و مێژوو، فەرمانبەرە دڵسۆزەکانمان، بەڵام هەمیشە لەبەردەم خوێنی شەهید بڕیاردا خۆمان بە بەرپرسیار زانیوە کە هەست بە ماندوێتی نەکەین.

ئێستا ئەم کۆلێژە هێمای شەهید بڕیار و بەرهەمی خوێن و برینداربوون و خۆپیشاندانە خۆڕسك و ڕەواکەی ئەوانە. لێرەوە بەڵێنی بەردەوامی بە شەهد بڕیار و هاوڕێکانی و ئەو شارەش دەدەین، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن لە کۆلێژەکە و شارەکەماندا.

خۆشبەختانە چیمان پێ کرا بێت بۆ بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهد بڕیار، درێغیمان نەکردووە. هۆڵی یەکەمی وانە خوێندنی خوێندکاران، بە (هۆڵی شەهید بڕیار) ناو نراوە، هەروەها بەشەناوخۆیی کوڕان بە ناوی بەشی ناخۆیی شەهید بڕیاری کوڕان ناو نراو، کە ئەوەش وەك دەستکەوت و سەروەرییەکی لەیادنەچووی شەهید بڕیار دەمێنێتەوە.

دواجار سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهید بڕیار، کە دوای خۆی بناغەی زانکۆیەکی دانا.